www.hetaw.net
ژمارە (٨٦١) چوارشەممە ٣٠ ی حوزەیرانی ٢٠١٠ ی زایینی
ئاڵای ئازادی هەموو چوار شەممەیەک

**یەکێک لەدەرهاویشتەکانی قەیرانە داراییەکە دەرخستنو زاڵکردنی رۆڵی هێزە تازەدەرکەوتووەکان بوو، ئەوەبوو گرووپی دارایی بیست دەوڵەت کە لەکۆمەڵێک دەوڵەتی دەوڵەمەندو کۆمەڵێکی تازەپێگەیشتوو پێکهاتووە، جێگەی گرووپی هەشت دەوڵەتی گرتەوە، هەر ئەو گرووپەش پێگەی خۆی لەلاسەرووی کۆڕو مەحفەلەکانی تایبەت بەوتووێژو بڕیارە ئابوورییەکاندا داگیرکرد**

# وڵاتانی تازەدەرکەوتوو فاکتەری یەکلاکەرەوەن لەپرسەکانی شەڕو ئاشتیدا

**سیلسۆ ئەمۆریم***

**پرۆژێکت سەندیکایت**

ئێستا ئیدی دەرچوونی بڕیارگەلی نێودەوڵەتی بەبێ بەشداریکردنی هێزە تازەدەرکەوتووەکانی وەک بەرازیلو چینو هیندو باشووری ئەفریقیاو چەند دەوڵەتێکی نوێو بچووک، بووەتە کارێکی مەحاڵ. ئەم هێزانە تامەزرۆی ئەوەن رۆڵی هاوسەنگگیری بگێڕن لەناو سیستمێکی پەیوەندیی نێودەوڵەتیدا کە لەرووی نەریتی دیموکراسییەوە زۆر هەژارە. ئەوەتا لەکۆبوونەوە وەزارییەکانی چوارچێوەی دانوستانەکانی خولی دەوحە لەکاتکۆن ساڵی ٢٠٠٣، بەرازیلو هیندو ئەرژەنتینو چەند وڵاتێکی دیکە بڕیاریاندا، خۆیان بۆ بڕیارێک شل نەکەن کە هێزە کلاسیکییەکان، بەتایبەتیش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێتیی ئەوروپا، پێی گەیشتبوونو رەچاوی بەرژەوەندییە کشتوکاڵییەکانی ئەوانی نەدەکرد. دواجاریش دامەزراندنی گرووپی بیست بوو بەهۆی گۆڕینی مۆدێلی دانوستانی فرەلایەن لەسەر کایەی بازرگانی.

یەکێک لەدەرهاویشتەکانی قەیرانە داراییەکە دەرخستنو زاڵکردنی رۆڵی هێزە تازەدەرکەوتووەکان بوو، ئەوەبوو گرووپی دارایی بیست دەوڵەت کە لەکۆمەڵێک دەوڵەتی دەوڵەمەندو کۆمەڵێکی تازەپێگەیشتوو پێکهاتووە، جێگەی گرووپی هەشت دەوڵەتی گرتەوە، هەر ئەو گرووپەش پێگەی خۆی لەلاسەرووی کۆڕو مەحفەلەکانی تایبەت بەوتووێژو بڕیارە ئابوورییەکاندا داگیرکرد. پاشان وڵاتانی تازەدەرکەوتوو ماوەیەکە رۆڵێکی دیاریان پەیداکردووە لەمەسەلەی کەشوهەواو گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوادا. لەکۆتایی کۆنگرەی پانزەهەمیشدا لەشاری کۆپنهاگن، کۆنگریستەکان گەیشتنە بڕیار لەسەر رێککەوتننامەیەکی ناتەواو کە سەرۆکەکانی بەرازیلو باشووری ئەفریقیاو هیندو چین دانوستانیان لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکادا کرد لەبارەیەوە.

لەرۆژی ١٥ی نیسانی رابردوودا، شاری بەرازیلیا پێشوازی لەدوو دیداری سیاسیی ئاستبەرز کرد، کۆبوونەوەی دووەمی لوتکەی وڵاتانی بەرازیلو روسیاو هیندو چین، واتە (بریک)، هەروەها کۆبوونەوەی چوارەمی لوتکەی وڵاتانی بەرازیلو هیندو باشووری ئەفریقیا، واتە ئیباس، ئەو دوو بلۆکەش هەردووکیان، وێڕای جیاوازییەکانیان، بەڵام بەڵگەن بۆ ویستی هێزە دەرکەوتووەکان بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی بەڕێوەبردنی جیهانو بەڵگەن لەسەر وابەستەیی هەردوو بلۆکەکە بەو پێناسە تازەیەوە. زۆرێک لەچاودێران بۆچوونیان وەهابوو کە ئەو دوو دیدارە چونیەکە لەکۆبوونەوەکانی ئەمدواییەی گرووپی حەوت دەوڵەتەکە یان هەشت دەوڵەتەکە گرنگتربوون. ئیدی وتووێژو تاوتوێکردنەکانی مەسەلە داراییەکانو مەسەلەکانی تایبەت بەکەشوهەواو پێوەرەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، هەموو ئەوانە پەیتا پەیتا وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان بەلای خۆیاندا رادەکێشێت. ئێستا کۆدەنگییەک هەیە لەسەر ئەوەی کە بۆ گەیشتن بەهەر ئامانجێکی هەستپێکرا پێویستە وڵاتانی وەک چینو هیندو بەرازیلو باشووری ئەفریقیاو مەکسیک ئامادەبن. موفارەقەکە لەوەدایە کە پرسەکانی ئاشتیو ئاسایشی نێودەوڵەتی، کە هەندێک کەس ئەو پرسانە بەناوکە رەقو مەحکەمەکەی سیاسەتی نێودەوڵەتی دادەنێن، تا ئێستاش لەلایەن چەند وڵاتێکی کەمەوە قۆرخکراون. ئەگەرچی ئەو وڵاتانەش ئەوەیان راگەیاندووە کە ئارەزوومەندن دەست بۆ وڵاتانی دیکە رابکێشن، بەڵام تا ئەمڕۆش کۆبوونەوەیەکی هاوبەش سازنەکراوە لەنێوان وەزیرانی دەرەوەی گرووپی هەشت دەوڵەتو وەزیرانی دەرەوەی گرووپی پێنج دەوڵەت (چینو هیندو بەرازیلو باشووری ئەفریقیاو مەکسیک)، بگرە هیچ داوایەکیش لەئارادانییە بۆ سازکردنی کۆبوونەوەیەکی لەو بابەتە. ئیدی تاوتوێکردنو رێکخستنی (نهێنییە پیرۆزەکە) لەسەر پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی قۆرخکراوەو هەر پێنجیشیان سوورن لەسەر ئەوەی بەقۆرخکراوی بیهێڵنەوە. دەستپێشخەرییەکەی بەرازیلو تورکیا بۆ کردنەوەی دەرگاکانی ئەو نهێنییەو سەرگرتنی دەستپێشخەرییەکە، ئەو دیفاکتۆیەیان سەرەوخوار کردەوە. پێداگرتن لەسەر سزادانی ئێرانو پشتگوێخستنی جاڕدانەکەی تاران بەبێ چاوەڕوانکردنی هیچ وەڵامدانەوەیەکی سەرنجو تێبینییەکانی گرووپی ڤیێننا (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو فەڕەنساو روسیا)، بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە خاوەن ئیمتیازەکان بەردەوام دەیانەوێت پرسە نێودەوڵەتییەکان بەتەنهاو لەپشتی دەرگا داخراوەکانەوە تاوتوێ بکەنو کەس نەکەن بەشەریک لەو بوارەدا.

لەراستیشدا ئەو دانوستانانەی کە سەرۆک لولاو ئەردۆگانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا گرتیانە ئەستۆی خۆیان، بەتاڵەموویەکیش لەو نەخشەرێیە لاینەداوە کە چەند مانگێکە پێشنیارکراوەو بەنەگۆڕی ماوەتەوە. محەمەد ئەلبەرادعی بەڕێوەبەری پێشووی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم سەرنجی خۆی لەسەر رەتدانەوەی هیچ حسابکردنێک بۆ جاڕنامەکەی تاران بەقسەیەک دەردەبڕێت دەڵێت: "ئەم رەتکردنەوەیە وەک ئەوەیە وەڵامی پرسیارێکی تەواو تەنها بەوشەی (بەڵێ) بدرێتەوە".

بەشێکی زۆری دنیا ئەمڕۆ چاوی بڕیوەتە خولی جامی جیهانی بۆ تۆپی پێ کە لەباشووری ئەفریقیا سازکراوە، لەبواری تۆپی پێدا، جەماوەریترین وەرزش لەدنیادا، بەردەوام رۆڵی وڵاتانی تازەپێگەیشتووی وەک بەرازیلو ئەرژەنتین رۆڵی زاڵو یەکلاکەرەوە بووە، پێویستە گوێش لەبۆچوونی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو بگیرێت لەپرسەکانی ئاشتیو جەنگدا، وڵاتانی وەک تورکیاو بەرازیلو وڵاتانی دیکەی وەک هیندو باشووری ئەفریقیاو میسرو ئیندۆنیزیا، گوێگرتن لەو وڵاتانە دانپێدانانێکی بەویژدانانەیە بەتواناو لێهاتووییان، دەرگاش بەتایبەتی دەخاتە سەرپشت بۆ دنیایەکی باشتر لەم دنیایەی ئێستامان.

---

*** وەزیری دەرەوەی بەرازیل.**

---

# ئەوروپا لەدەروازەی قەیرانێکی نوێدایە

**نۆرییێل رۆبینی**

**لۆنۆڤێل ئۆبزێرڤاتۆر**

روزگاربوونمان لەقەیرانێکی دارایی سەراپاگیر دەگەڕێتەوە بۆ دەستوەردانی حکومەتەکانو رێوشوێنە ئابوورییەکانی ئەو حکومەتانە کە بووەهۆی هاندانێکی کەمی گەشەکردن. بەڵام تا ئێستاش قۆناغی دووەمی قەیرانەکەمان تێنەپەڕاندووە. چونکە قۆناغی یەکەم گرێدرابووەوە بەقەبارەی قەرزداری کەرتی گشتیو دابەزاندنی ئەو قەبارەیەو بەوەش کەرتەکە سەقامگیربوو. بەڵام دوای ئەوە قەیرانەکە پەڕییەوە بۆ کەرتی گشتی، هەڵبەتە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی قەرزداری ئەو کەرتە بەهۆی گرتنەبەری کۆمەڵێک سیاسەتی کێنزییەوە لەلایەن حکومەتەکانەوەو خۆماڵیکردنی زیانە زەبەلاحەکانی سیستمی بانکگەرایی. قەیرانەکەی یۆنانیش بەشە دیارو زەقەکەی ئەو شاخی سەهۆڵەیە. چاودێرانی بازاڕەکانی سەنەد بەچاوی نیگەرانییەوە دەڕواننە باری دارایی هەریەک لەیۆنانو پۆرتوگالو ئیسپانیاو ئایسلەندا. چونکە لەدەرەنجامی قەیرانی قەرزە تایبەتییەکان، کەرتی گشتی هاتەناوەوەو بەدوای ئەویشدا دامەزراوە داراییەکانی وەک سندووقی دراوی نێودەوڵەتی. بەڵام دواجار گەیشتینە دەرگایەکی داخراو، گەیشتینە بنبەست. چونکە ناکرێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین مەریخییەکان بکەونەخۆیان بۆ هاوکاریکردنی سندووقی دراوی نێودەوڵەتی. بۆیە پێویستە حکومەتەکان لەرێگەی بەرزکردنەوەی باج، یان لەرێگەی کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکانەوە، راددەی کورتهێنان کەمبکەنەوە. خۆ ئەگەر حکومەتان هەوڵێک نەدەن بۆ چارەسەرکردنی قەرزەکانیان، ئەوە توانای قەرزکردنیان نامێنێت، یان ناچار دەبن قەرزێک بکەن کە سوودێکی زۆری وەهای بخرێتەسەر بەرگەی نەگیرێت.

دوو رۆژ دوای راگەیاندنی پلانەکەی ئەوروپا، بازاڕەکان گەڕانەوە بۆ حاڵەتە گرژییەکەی پێشوویان، بەهۆی بەستنەوەی قەرزەکان بەکۆتوبەندێکی زۆرەوەو هەروەها بەهۆی حەزکردن لەوەی تانە لەیۆنان لەرووی توانای راستکردنەوەی سیاسەتە داراییەکانیو تانە لەگرتنەبەری سیاسەتی سکگوشی بدرێت. پێویستیشە کۆمەڵێک رێوشوێن بگیرێتەبەر بۆ دابەزاندنی ئاستی قەرزدارییەکان لەمەودای مامناوەندیدا. چونکە متبوونو پاشەکشەی ئابووری قەرزداری قووڵتر دەکات، خۆپیشاندانە ناڕەزاییەکانی یۆنانو دەنگدان لەسەر پرۆژەی سکگوشی ئیسپانیا بەجیاوازیی یەک دەنگ، بەڵگەن لەسەر دژواریی بارودۆخەکان.

گرفتگەلێکی زۆری پەیوەندیدار بەیۆرۆ هێشتا سووک نەکراون، وەک مەسەلەی زەبتکردنی بودجە بۆ نموونە. پێویستیشە سیستمی کێبەرکێ جارێکی دیکە چاکبکرێتەوە لەپێناوی خۆلادان لەتەقینەوەی بارودۆخەکە، یان خۆلادان لەکشانەوەی هەندێک لەدەوڵەتان لەناوچەی یۆرۆ، ئەویش لەرێی:

— جلەوگرتنو هەڵمژینی هەڵاوسانەکە، واتە دابەزاندنی نرخو مووچەکان بەرێژەی ٢٠%، بەڵام قۆناغی هەڵمژینی هەڵاوسانەکە هاوکات دەبێت لەگەڵ پاشەکشەیەکی ئابووریدا، دەوڵەتانیش توانای ئەوەیان نییە بەرگەی درێژەکێشانی پاشەکشەکە بگرن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ.

– یان لاساییکردنەوەی شێوازە پێشکەوتنخوازەکەی ئەڵمانیا، واتە چاکسازی لەکۆمپانیاکانداو زەبتکردنی تێچوونی کارو ئاڕاستەکردنی سەرمایەو کار بەرەو ئەو بوارانەی کە زۆرترین قازانجو دەرەنجامیان هەیە. بەڵام ئەم سیاسەتە پێویستی بە ١٠ هەتا ١٥ ساڵ هەیە پێش ئەوەی ئاکامی هەبێت، لەکاتێکدا دەوڵەتانی ئەوروپا پێش قەیرانەکە هێشتا نەیانتوانیبوو ستراتیژە بڕیاردراوەکەی لیشبۆنە جێگیربکەن.

– یان دابەزاندنی نرخی یۆرۆ، دابەزاندنی نرخی یۆرۆش هیچ مایەی ترسو دڵەڕاوکێ نییە، چونکە ئەوە پێویستییەکی دەستەویەخەیە، هەروەک ئاوێنەی جیاوازیی تێکراکانی گەشەکردنە لەنێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەوروپادا، بارودۆخ لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش روولەگەشە نییە. بەڵام وێڕای لاوازی، لەوێ گەشەکردن زیندوو بووەتەوە. لەساڵی ٢٠١٠دا سندووقی دراوی نێودەوڵەتی پێشبینی ئەوەیکرد رێژەی گەشەکردن لەئەوروپادا بگاتە ١%، بەڵام ئەو رێژەیە نەهاتەدی، رەنگیشە گەشەکردنەکە نێگەتیڤ بێت، ئەوروپا پاش رزگاربوونیشی لەقەیرانەکە لەبەردەم هەڕەشەی رۆچووندا بێت بۆ ناو قووڵایی متبوونێک، تاکە لایەنی پۆزەتیڤی قەیرانەکە دابەزینی بەهای یۆرۆیە، رەنگیشە لەماوەی دە مانگی داهاتوودا نرخەکە بگاتە ١.١٠ دۆلار.

پێموایە کاتی ئەوە بەسەرچووە بڕیار لەسەر کۆمەڵێک رێوشوێنی زەبتکردنی دارایی بدرێت کە ئەگەری ئەوە هەیە کۆبوونەوەی لوتکەی گرووپی بیست دەوڵەتو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیاری لێبدەن. چونکە ئەو بانکانەی ناویان نراوە (too big to fail = گەورەتر لەوەی تووشی ئیفلاس بن)، ئەوانەی ئیفلاسبوونیان هەڕەشەی ئیفلاسبوونی سەرلەبەری کایەی ئابووریی بەدواوەیە، زۆر بەسادەیی بانکی زۆر زەبەلاحنو بەڕێوەبەرەکانیان ئاگاداری تەواوی کارەکانی هەموو دەزگاکانیان بن. حکومەتەکانیش ناتوانن جارێکی دی ئەو جۆرە بانکانە رزگاربکەن. بۆیە، پێویستە ئەو بینایانە هەڵبوەشێنرێتەوە. قەبەیی ئەو بانکانەو فرەرەنگی کارەکانیان رۆڵی خۆی گێڕاوە لەدژەبوونی بەرژەوەندییەکانیان، وەک ئەوەی لەگەڵ گۆڵدمانت ساکس روویدا، ئەو سیستمی داراییەش کە لەهاوپەیمانی چەند دامەزراوەیەکی بچووک پێکهاتووە، سادەترە لەوەی کە لەکۆمەڵێک دامەزراوەی زەبەلاح پێکهاتووەو شەفافتریشە.

قەیرانەکە سنووری مۆدێلێک دیاریدەکات کە لەسەر بنەمای ئازادکردنی بازاڕ راوەستاوە، یان مۆدێلی (وازی لێ بهێنە ئەسیر بڕژێنێتە سەر ئەنگلۆساکسۆنییەکان). بەڵام دەوڵەتی چاودێری کە هەوێنی سیستمی کیشوەریی ئەوروپا هەیە، رووبەڕووی گرفتگەلێکی زۆر دەبێتەوە. بۆیە پێویستە رێگەیەکی سێیەم بدۆزرێتەوە کە لەگەڵ چاخی بەجیهانیبووندا بگونجێتو زیاتر لەمۆدێلەکەی ئیسکندنافیا بچێتو بایەخ بدات بەپاراستنی مرۆڤ، نەک وەزیفەکان. خۆ ئەگەرچی وڵاتانی تازەپێگەیشتووش لەقەیرانەکە پارێزراو بوونو هەر ئەوانیش قەرزیان بۆ هێزە ئابوورییە پێشکەوتووەکان مسۆگەر کرد، بەڵام ئەو دەوڵەتانە ئامادە نین بەرپرسیارێتییەکی نێودەوڵەتی گەورەتر بخەنە سەرشانی خۆیان.

---

# ئایا روسیا سوریا دەکات بەوڵاتێکی ئەتۆمی

**دیمتری سیدۆرۆف**

**یەژیدنیڤنی جۆرناڵ**

وتووێژە دووقۆڵییەکانی دیمەشق لەنێوان هەردوو سەرۆکی روسیاو سوریا، دیمتری میدفیدیێڤو بەشار ئەسەد، دیارترین وەرچەرخان بوو لەسیاسەتی دەرەکی روسیادا لەماوەی ئەمساڵدا، چونکە ئەو کۆبوونەوەیە بەواشنتۆنو هەموو پایتەختە ئەوروپاییەکان دەڵێت کە مۆسکۆ واز لەکارتە کۆنەکانی خۆی ناهێنێت لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو هێندەیشی نەماوە سوریا بکات بەئێرانێکی دیکە. ئەو سەردانەو تاوتوێکردنی بڕگەی هاوکاری ئەتۆمی لەمیانەیدا، سەرنجی هەموو چاودێرانیان راکێشا، ئەو بڕگەیەش، واتە هاوکاریی ئەتۆمی، پەردە لەرووی هەموو نەخشەو پلانەکانی کرملین هەڵدەماڵێتو ئاشکرای دەکات کە کرملین وازی لەپشتیوانیکردنی پرۆسەی ئاشتی هێناوە لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

ئەگەری ئەوەش لەئارادایە ئێران کۆمەکی دارایی بۆ دامەزراندنی وێستگەیەکی وزەی ئەتۆمی لەسوریا دابین بکات، لەمەشدا رێکخراوگەلێکی وەک حیزبوڵڵاو حەماس پشتگیریی دەکەن، رەنگیشە ئەو وێستگەیە ببێتە ئەرکی لەپێشینەی ئێران. چونکە ئێران مەبەستێتی هاوکاریی دیارترین هاوپەیمانەکانی بکات بۆ بەدەستهێنانی تەکنۆلۆژیای ئەتۆمیو هەڕەشەکردن لەئیسرائیلو لەهەموو دراوسێ عەرەبەکانیشی لەو رێگەیەوە.

کاراکردنی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران بۆ خۆی بەرهەمی ئیمزاکردنی گرێبەستی دامەزراندنی وێستگەی بوشەهرە لەگەڵ روسیادا، هەتا ئەمڕۆش ئەو گومانانە وەک خۆیان ماون کە دەشێت مۆسکۆ رۆڵی گێڕابێت لەگواستنەوەی تەکنۆلۆژیای ئەتۆمی زۆر هەستیار بۆ ئێران. ئەگەرچی دوای ئەوەش کە لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا روسیا بە (ئەرێ) دەنگیدا بۆ بڕیاری سەپاندنی کۆمەڵێک سزای لاواز بەسەر ئێراندا واشنتۆن سەرسام بووەو تووشی سەرەگێژە بووە. پێویستە رۆڵی کرملین بەکەم سەیرنەکرێت لەوەدا کە قەیرانە ئەتۆمییەکەی ئێران گەیشتووەتە ئەم قۆناغەی ئێستا. کرملین زۆر بەباشی زانی ئێران وەک کارتێکی گوشار لەدژی واشنتۆن بەکاربهێنێت. ئەوەتا گرێبەستەکانی تایبەت بەسیستمەکانی ئەسکەندەرو ئێس٣٠٠ وەڵامێکن بۆ بڵاوکردنەوەی سیستمی بەرگریی مووشەکی لەئەورووپای رۆژهەڵاتو ناوەڕاستدا، مۆسکۆ هاوکارییە ئەتۆمییەکەی خۆی لەگەڵ ئێرانیشدا بۆ ئەوە بەکارهێنا کە کۆشکی سپی ناچاربکات پەیماننامەی ستارت٣ ئیمزابکاتو واشنتۆنیش واز لەرەخنەگرتن لەسیاسەتی ناوخۆی روسیا بهێنێت.

دانوستانەکان لەگەڵ رژێمی ئەسەد بۆ دامەزراندنی چەند وێستگەیەکی وزەی ئەتۆم هەر بەردەوامەو بەرەوپێشەوە دەڕوات، مۆسکۆ حسابی بۆ ئەوە نەکردووە کە دیمەشق لەرێی هاوکاری لەگەڵ تارانو بیۆنگ یانگ، لەساڵی ٢٠٠٧دا دەستی کردبوو بەدامەزراندنی دامەزراوەی ئەتۆمیو ئیسرائیل ئەو دامەزراوەیەی وێرانکردو لێکۆڵینەوەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمیش لەو مەسەلەیە بەناتەواوی وازیان لێهێنرا.

کاتێکیش مۆسکۆ دەستپێکردنی پرۆسەی دامەزراندنی وێستگەیەکی وزەی ئەتۆم لەسوریادا دەبەستێتەوە بەوەوە کە دیمەشق پەیماننامەی رێگەگرتن لەبڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی ئیمزابکات، ئەو بەستنەوەیە هیچ کەڵکێکی نییە، چونکە دیمەشق پێشتر لەکاتی جەنگی دووەمی لوبناندا چەکی گواستووەتەوە بۆ حیزبوڵڵا، لەنێویشیاندا چەکی دژە تانکی روسی (فاگۆت). پێشموانییە کەسێک هەبێت بەدڵنیاییەوە گرەنتی ئەوە بدات کە سوریا تەکنۆلۆژیای ئەتۆمی هەناردەی دەرەوە نەکات، یان نەیگەیەنێتە دەستی حیزبوڵڵا. پێویستە شەپۆلێکی ناڕەزایی کۆشکی سپیو ئەوروپا بگرێتەوە بەرامبەر دانوستانەکانی دامەزراندنی کارخانەیەکی وزەی ئەتۆم لەسوریاداو ئەو ناڕەزاییانەش دواجار ببنەهۆی گرتنەبەری کۆمەڵێک رێوشوێنی توند لەدژی کرملین، بەڵام تا ئێستا هیچ شتێکی لەو بابەتە روویننەداوە.